# کەرکوکی  رزگارکراو و ئەگەرەکانی ئایینده

**شاخەوان شۆڕش**
2003.6.1

لەرۆژی 9 ی ئەپریل بەغدا کەوت و لە 10 ی ئەپریل هەردوو شاری کەرکوك و خانەقین هەروەها شارۆچکەکانیتری ئەم ناوچەیەو ناوچەکانیتر لەلایەن هێزی تایبەتی ئەمەریکی و هێزی هاوبەشی پێشمەرگە رزگارکران. رزگارکردنی ئەم ناوچەیەو ناوچە کوردستانیەکانیتری ژێردەسەلاَتی حکومەتی بەعس, بەدیهێنانی ئەو خەونە گەورەیەیە کەنزیکەی سەدەیەکە لەلایەن کوردەوە خەباتی بۆ دەکرێ. شایانی باسە کۆتاییهاتنی سەردەمی رژێمی رەگەزپەرستی بەعس جگە لەوەی بووەهۆی رزگاری ئەم ناوچە کوردستانیانە, بەلَکو هەلَوەشانەوەو نەمانی پۆلیتیکی بەعەرەبکردنە,   ئەمە تەنها ئەگەر رژێمێکی دیموکراسی لەعێراقدا سەقامگیربێو دان بەکوردستانیەتی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بنێت. ئێمەی کورد بەر لەرووخانی رژێمی داگیرکەری بەعس, خەونمان بەم ناوچانەوە دەبینی و مەترسی زۆرمان لەوە هەبوو, کەوا ئەم ناوچانە لەدەستی کورد دەچن و  جارێکیتر ناگەڕێنەوە باوەشی کوردستان. بەلاَم خۆشبەختانە ئامانجی رەگەزپەرستانەی رژێمەکەی سەدام نەهاتەدیو تەون و پلانی شۆڤینیانەی 35 سالَی رابردووی لەماوەی سێ هەفتەدا هەلَوەشێنرایەوە. بۆیە بەرزی  و گرنگی رۆژانی 9 و 10ی ئەپریل لەنرخاندن نایەن.

بەلاَم ئەم رزگارییەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بەتایبەتی شاری کەرکوك کاری زۆرو کاری گرنگ و سەختی بەدواوەیەو پێویستە زۆر زیرەکانەو وریایانە هەلسوکەت لەگەلَ بابەتەکانی پەیوەستدار بەکێشەی بەعەرەبکردن بکرێت. دیارە کاری زۆر گرنگ ریشەکێشکردنی بەعەرەبکردنەو نەهێشتنی شوێنەوارەکانیەتی. پێویستە ئەمە زۆر وریایانەو زیرەکانە کاری بۆبکرێت. سەرەتا هەولَبدرێت لەلایەك هەرچی ئاوارەی کوردی ئەم ناوچانە هەیە, بەبێ گوێدانە کۆنی و نوێیی مێژووی دەرکردن و راگواستنی ئەم خەلَکە, بگەڕێندرێنەوە شوێنەکانی پێشوویان. بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکە پێویستە هەموو توانایەك لەهەموو بوارەکانەوە تەرخان بکرێت. لەهەمووی گرنگتر یارمەتی دارایی ئەم خەلَکەیە, یارمەتیەك کەبتوانی ژیانێکی چاکترو گونجاوتر لەشوێنی ئێستای ژیانیان بۆ دروستکات, واتە ببێتە هاندەرێك بۆ گەڕانەوەی خەلَکەکە. خانوو دروستکردن بۆ ئەوانەی شوێنی ژیانیان تێکدراوە یا نەماوە. دیارە پێویسە پرۆگرامێك بۆ ژماردنەوەی ئەو زیانانەی کەلەم خەلَکە ئاوارەیە کەوتووە, دابندرێت و کاری بۆ بکرێت.

لەلایەکیتر پرۆگرامێکی ووردو گونجاو بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبەهاتووەکان کەژمارەیان بەسەدان هەزاردەبێ و لەگەڕەکە تازەدروستکراوەکی ناو کەرکوکدا نیشتەجێکراون هەروەها ئەوانەی کە بۆ مەبەستی بەعەرەبکردنی ناوچەکوردستانیەکان 1961 بەدواوە هێنراون, دابڕێژرێو پەیڕەوبکرێت. واتە پرۆگرامێك بۆ ناردنەوەی هەموو ئەو عەرەبانەی کەرژێمەکانی رابردوو بەتایبەتی رژێمی بەعس بەمەبەستی بەعەرەبکردن هێناونی, بۆ

شوێنەکانی پێشوویان. ئەم عەرەبانەی کەبۆ ئەم مەبەستە نیشتەجێکراون واتە پرۆسەی بەعەرەبکردن هێناونی دەبێ بگەڕێندرێنەوەو نابێ بەهیچ جۆرێك سازش لەسەر ناردنەوەیان بکرێت.

ئەم پرۆسیسی سڕینەوە یا ریشەکێشکردنەی شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن پێویستی لەپێش و گرنگی بەئامارێکی بابەتیانەی بێلایەنانەی زانستانیانە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە خەڵکێکی شارەزاو پسپۆڕی ئامارکردن, جوگرافیای ناوچەکە, دیمۆگرافیای ناوچەکە, مێژووی رامیاری (بەعەرەبکردنی) ناوچەکە هەروەها سەرژمێری دانیشتوانی ناوچەکە کۆبکرێنەوە. ئەم خەڵکە لەچوارچێوەی کۆمیتەیەکدا کۆبکرێنەوەو بەکاری ئامارکردنەکەو دیارکردنی فاکتەرە مێژوویی, رامیاری, دیمۆگرافی, کۆمەڵایەتی و جوگرافیەکان هەڵبستێت. ئەمە دەتوانێ بشبێتە یارمەتیدەرێکی گەورەی هەر دادگایەك کەبۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی خەڵکی کەرکوك و ناوچەی کەرکوك تەرخانکرابێت, ئەم دادگایەی کەواچاوەڕوان دەکرێت لەداهاتوودا دابمەزرێت. دیارە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم ئامارو فاکتەرانە هەر کارو هەنگاوێك بۆ چارەسەرەی کێشەکانی بەعەرەبکردن کەموکوڕی زۆری تێدەکەوێت.

لەهەمان کاتدا بیرلەوە بکرێتەوە چۆن دەتوانرێ ئەم ناوچانە بەکوردستانی و لەباوەشی کوردستاندا بهێڵدرێنەوەو لەهەر پلانێکی دژانە بپارێزرێن. دیارە هەراسانیو دڵەڕاوکێ سەبارەت بە بەکوردستانی مانەوەی بەتایبەتی شاری کەرکوك هەستی پێدەکرێت, ئەمە وایکردووە نیگەرانیەك لەنێو کورداندا سەبارەت بەم بابەتە دروستکات, لەناو ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ئەم نادیاریو نیگەرانییە هەندێ فاکتەری سەرەکی هەن:

یەکەمیان فاکتەری هەڕەشەی تورك, دووەمیان فاکتەری ئەمەریکاو سەیرکردنی ئەمەریکا بۆ کێشەکە.

یەکەم, تورکیا یەکێ لەو ستاتانەیە کە کوردستانیان داگیرکردووەو بەسەرسەخترین دوژمنی کورد دادەنرێت. تورك زیاتر لەپێنج سەدساڵە بەشێکی گەورەی کوردستانیان داگیرکردووە, بۆ پاراستنی ئەم بەشە داگیرکراوە, هەوڵ دەدەن هیچ بەشێك لەپارچەکانیتری کوردستان تروسکایی ئازادی نەبینێ. تورکیا بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدات کورد بەژێردەستەیی بمێننەوەو بەهیچ ئاستێکی ئازادی نەگەن. چونکە تورکیا نزمترین ئاستی ئازادی کوردان لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بەهەڕەشە لەسەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەو یەکێتی خاکی تورکیا دەزانێت. بەبۆچوونی کەمالیستانەی تورکیا بەرزی ئاستی ئازادی کوردان واتە بەرزی ئاستی مەترسی بەرامبەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەیان, نزمی ئاستی ئازادی کوردان واتە نزمی ئاستی مەترسی لەسەریان, نەبوونی ئازادی کوردان واتە نەبوونی مەترسی و هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەیان و بەمجۆرە نەبوونی مەترسی لەسەر یەکێتی ستاتی تورکیا. ئەم هەڕەشەو خۆتێهەڵقورتاندنەی تورکیا لەخوارووی کوردستانداو بەتایبەتی سەبارەت بەکەرکوك بەشێوەیەکی سەرەکی لەم روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەمجۆرە بۆ بەربەستیکردن لەم مەترسییەی سەر یەکێتی خاکی تورکیا, ستاتی تورکیا بەمافی خۆی دەزانێ بەدەستێوەردانی میلیتاری لەپارچەکانیتری کوردستان, بەتایبەتی باشووری کوردستان هەڵبستێ. یاخود پەنا بباتەبەر هەر هۆکارێك بەمەبەستی پێشگرتن لەم مەترسی و هەڕەشەیە.

دووەم, ئەمەریکا دەسەڵاتی سەرەکی جیهانەو هەڵسوکوتیو هەنگاوەکانی لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیدایە, بۆیە هەر دیاردەیەك بەهەڕەشە لەسەر بەرژەوەندی ناسونالیستانەی خۆی بزانێت, ئەوا ئامادەیە هەنگاو بۆ وەستاندن و لەناوبردنی ئەم هەڕەشەیە بنێت. ئەم پۆلیتیکەی ئەمەریکا بە "دۆکترینی بۆش" کە بەکوردی دەتوانرێ بە "بەلێنی بۆش" ناوزەد بکرێ لەدوای هێرشەکەی 11 ی سێپتێمبەر کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئێستای بۆشەوە داڕێژرا, بەهێزترکرا. ناووکی ئەم دۆکترینە ئەوەیە "گەر ئەمەریکا هەست بەمەترسیەك لەشوێنێکی دوور یا نزیکی جیهان بکات, ئەوا ئەمەریکا تەنها پۆلیتیکی بەربەستکردن و تۆقاندن وەکو لەپێشوودا پەیڕەو دەکرا ناگرێتەبەر, بەڵکو ئەمەریکا بەمافی خۆی دەزانێت بەرلەوەی مەترسیەکە بگاتە ئاسمانی ئەمەریکا, بچێتە ئەو شوێنەو مەترسیەکە لەناو ببات و پێشی پێبگرێت". بەکورتی بەڵێنی بۆش هەر بە بەربەستکردن و تۆقاندنی هەڕەشەکە ناوەستێ, بەڵکو لەکاتی پێویستدا هەڵدەستێ بە لەناوبردن و نەهێشتنی هەڕەشەکە. دیارە ئەمەریکا هەر لەدوای داڕشتنی ئەم دۆکترینە جەنگێکی نێونەتەوەیی دژی تیرۆر دەستپێکردووە, هاوکات پەنجەی تاوانباریش بۆ ئەو ستاتانەی کەدژی ئەمەریکان و گومانیان لەیارمەتیدانی تیرۆریستان لێدەکرێت, درێژدەکات. ئەمە جگەلەوەی ئەمەریکا هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ و کیمیاویش لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بەهەڕەشە دەزانێت. نموونەی زیندوو بۆ بەڵێنی بۆش هێرش و چوونی ئەمەریکاییەکان بۆ ئەفغانستان و عێراقە.

ئەمەریکا جەنگی عێراقی لەم روانگەیەوە کرد, واتە ئەمەریکا شەڕی ئاسایش دەکات و پێیوابوو رژێمی سەدام هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی ناوچەکەو جیهان, بەمجۆرە لەسەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئەمەریکا.

هەرچی پەیوەستدارە بەکێشەی کەرکوك ئەوا سەیرکردنی ئەمەریکا بۆ کەرکوك واپێدەچێ پەیوەستدارە بە لەلایەك تاڕادەیەك دڵڕاگرتنی تورکیاو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی تورکیا, لەلایەکیتر یەکەم, رەچاوکردنی پارێزگاری ئەو ئۆتۆنۆمییەی کوردەکان لەسایەی پارێزگاری ئەمەریکاو بەریتانیا لە دوازدە ساڵی رابردوو بەدەستیان هێناوە. دووەم, سنووردارکردنی پێڕاکێشانی تورکیا بەرامبەر بەعێراقی ئاییندەی سەر بەئەمەریکا. دیارە تورکیا بەم پۆلیتیکە زۆر پەستن و حەزناکەن کوردەکان ئەم سەربەخۆییەیان لەداهاتوودا بمێنێ. ئەمەریکا بەر لەدەستپێکردنی شەڕەکە بەلێنی بەتورکەکاندا کەوا شاری کەرکوك و موسڵ لەژێرچاودێری هێزەکانی ئەمەریکادا دەبن و رێگاش بەدروستبوونی ستاتێکی سەربەخۆی کورد لەخوارووی کوردستاندا نادات, بەمجۆرە پێویست ناکات هێزەکانی تورکیا بێتە ناو باشووری کوردستانەوە. دیارە تورکیا لەجەنگی دژی عێراق هەڵوێستی نایارمەتیدەرو خراپ بوو و بەڕێوەبەرایەتی بۆشی تاڕادەیەکی زۆر هەراسانکرد, هەروەها کورد هەڵوێستیان زۆر یارمەتیدەرو چاك بوو و هاوپەیمانێکی باشی ئەمەریکا بوون. زۆر واپێدەچێ ئەمەریکا ئەمەی لەبەرچاوە, ئەمە وایکردووە هەلوێستی بەرامبەر تورکیاو خەمخۆریان بەرامبەر بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی تورکیا وەکو پێشی رووخانی سەدام نەماوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. دیارە واشپێناچێ ئەمەریکا بیەوێ دەستبەرداری یەکجاری تورکیای دۆستی کۆنی بێت. بەڵگەش بۆ ئەمە یارمەتی دارایی بەهۆی ئەو رێکەوتنەی پەیوەستدار بەفڕینی فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمەریکا بەئاسمانی تورکیا کەلەکاتی شەڕەکەدا کردیان, وە رێگادانە

بەهەندێ چاودێری تورك بۆ کەرکوك, هەروەها تەرخانکردنی یارمەتی دارایی بۆ تورکیا لەژێر ناونیشانی هاریکاری تورکیا لەجەنگی دژی تیرۆریزم.
لەپێش جەنگەکەو سەرەتای جەنگی دژ بەعێراق, ئەمەریکا بەپێی گوتنی ووتەبێژی کۆشکی سپی (ئاری فلێتچەر), پەرێشانی تورکیا سەبارەت بەبەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆی رەوایەتی هەیە. ئەمە دەکرێ والێکبدرێتەوە کە تورکیا مافی خۆیەتی رێگا بەدروستبوونی ستاتێکی سەربەخۆی کوردان بگرێت, چونکە ئەمە دەبێتە هەڕەشە لەسەر یەکێتی خاکی تورکیا. گەر ئەوەی ئەمەریکا لەبەر رۆشنایی "بەلێنی بۆش" بۆخۆی بەڕەوای دەزانێ, بەهەمان شێوەش ئەم ڕەوایەتیە بداتە تورکیا, ئەوا لەڕاستیدا زەبرێکی کوشندە ئاراستەی هەموو هەولێکی سەربەخۆیی کوردستان لەداهاتوودا دەکات. چونکە هەرکاتێك خەلکی کوردستان هەولی سەربەخۆیی بدات, تورکیا دەتوانێ بەهەڕەشە بۆسەر یەکێتی خاکی تورکیای بزانێو بەکاری دەستێوەردانی میلیتاری هەلبستێ. بەلاّم بەهۆی پۆلیتیکی ناڕاشیونالانەی تورکیا لەکاتی جەنگەکەو پاشان, واپێدەچێ وایکردووە ئەمەریکا بەم هەلۆیستەی خۆیدا بچێتەوە.

تورکیا حەزناکات شاری کەرکوك و موسلْ بکەوێتە ژێر چنگی کورد, چونکە پێیوایە, ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی کوردەکان سەربەخۆیی لەخواروی کوردستان رابگەیەنن, دیارە هۆیتریش باسدەکرێن. نیگەرانی تورکیا بۆ ئەو ناوچانە زیاتر لەبەر گرنگی ئەم ناوچانە لەروناگەی ئابووریەوەیە, چونکە دەولّەمەندی و بەپیتی ئەم ناوچانە دەتوانن ببنە بنکەو کۆلّەگەیەکی ئابووری بەهێز بۆ ستاتی سەربەخۆی کوردان, گەر لەداهاتوودا هەولّی بۆ بدرێت. بۆیە خەلّکی کوردستان گرفتی گوزەران و خۆژیاندنیان لەئەگەری سەربەخۆبوونیاندا نابێ, ئەمە جگەلەوەی توانای یارمەتیان بۆ پارچەکانیتری کوردستان ئاسایی دەبێت. ئەمانە کەلای کورد بەڕەوا دەزاندرێن, لای تورك بەزاندنی هێلّی سوورن و هەڕەشەن بۆ بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئەوان.
لەلایەکیتر هەلۆێستی ئەمەریکا بەرامبەر بەکورد ئالۆزی و نادیاری لەگەلێ بۆنەدا هێشتا پێوەدیارەو نەیانویستووە راشکاوانە باس لەپشتگیری چارەسەری بنەڕەتیانەی کێشەی کورد بکەن یا رابگەیەنن. ئەوان کێشەی کورد وەك کێشەی گروپێکی ئێتنی ناو عێراق لەگەلْ کێشەکانیتر بەیەکەوە دەبەستنەوەو پێیانوایە لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا ئەم کێشانە چارەسەر دەکرێن. ئەوان باس لەووردەکاریی پرۆسەکە ناکەن و نالێن چۆن, بەلاّم لێرەولەوێ هێمای پۆزەتیڤیش دەکەونە بەرگوێ. ئەوەی تاڕادەیەك لەمەبەستی ئەمەریکیەکان و ووتەی بەرپرسەکانیان دەخوێندرێتەوە ئەوەیە, واپێناچێ ئەوان دژی ئەوەبن, کەوا کوردەکان جۆرێك لەم جۆرە ئازادییەی کەهەیانە لەداهاتووشدا بیانبێ. دیارە لەدوای دروستکردنی دەسەلاّتی نوێی عێراق, گەلێ دەسەلاّت و بڕیاردانی گرنگ دەچێتە بەغداو کورد دەبێ وابەستەی بێت.

پرسیاری گونجاو لەمبارەیەوە زۆرن لەوانە: ئایا ئەمەریکا بەهەمان شێوەی تورکیا سەیری کەرکوك دەکات؟ ئایا ئەمەریکا تا چ ڕادەیەك بڕوای بەچارەسەری کێشەی کورد هەیە؟ ئایا ئەمەریکا تا چ رادەیەك لەگەلْ

کوردستانیەتی کەرکوکدایەو تا چ رادەیەگ لەگەڵ ئەوەیە کەرکوك بکەوێتە ناو چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی داهاتووی کورد لەباشووری کوردستاندا؟  دیارە گومان لەوەدەکرێ کە ئەمەریکا بەهەمان شێوەی تورکیا سەیری کەرکوك بکات, چونکە یەکەم, بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئەمەریکا جیایە لەوەی تورکیا. دووەم, ستراتیژی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, ستراتیژیەتێك نییە بەدڵی تورکەکان بێت, چونکە نەخشەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست, هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە لەسەر بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی تورکیا. بۆنموونە, لەسایەی دیموکراتیزەکردندا کوردەکان ئازادی زیاتر بەدەست دێنن, کەتورکیا بەمەترسی دەزانێت. دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە, راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ تەگەرە دروستکردنە بۆ ئەم سیستەمە تۆپ میلیتاریەی تورکیا. ئەمەجگەلەوەی پرۆسەی رێچکەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ دەرکردی چاوەڕوان نەکراوی لێبکەوێتەوە کەرێك دژی بەرژەوەندی تورکیا بێت.

بۆیە ئەمەریکاو تورکیا هەریەکەیان ستراتیژیەتێکی جیایان بۆ ناوچەکە هەیە.  سێیەم, ئەمەریکیەکان پشتگیریان لەراستی کوردستانیەتی کەرکوك تائێستا زۆر روون نییەو پشتیگیری و ناپشتیگری هەن. بۆنموونە, ژەنەراڵی خانەنشین (گێی گارنەر) کەرکوکی بەشارێکی کورد دانا, کەچی (پۆل وۆلفۆڤیچ[1]) جێگری مینیستەری بەرگری لەسەر ووتەکەی گارنەر کەبووە هۆی نیگەرانی تورکەکان گوتی, "کەرکوك شارێکی کورد نییە, کەرکوك شارێکی عێراقییە". لەڕاستیدا ئەم ووتەیەی وۆلسۆڤیچ گەلێ پرسیار دەگرێتەخۆی. دەکرێ هەموو شارەکانی باشووری کوردستان بەشاری عێراقی دابندرێن, چونکە ئەم پارچەیەی کوردستان بەستاتی عێراق لکێندراوەو ئەو شارانە لەناو چوارچێوەی ئەم ستاتەدان, دیارە پارتە سەرەکیەکانی کوردیش کار بۆ عێراق دەکەن و خۆیان بەعێراقی دەزانن. بۆیە لەم ڕوانگەیەوەو لەم چوارچێوەیەدا ووتەکەی وۆلسۆڤیچ گونجاوە. بەڵام کەدەڵێ کەرکوك شارێکی کورد نییە, ئەوا جێگای نیگەرانی زۆرە. دەکرێ  گەلێ لێکدانەوە بۆ ئەم گۆتەیە بکرێت, لەوانە: یەکەم, ئەو ئەم قسەیە بۆ ساردکردنەوەی تورکیا دەکات و مەرج نییە ئەمە هەڵوێستی راستەقینەی ئەمەریکا سەبارەت بەکەرکوکەوە بێت. دووەم, ئێستاو ئەم بارودۆخە پڕلەکێشەیەی ئێستای عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە هەستیارە گونجاو نییە. سێیەم, ئەمە کێشەیەك نییە هەروابەئاسانیو بەدووقسە کۆتایی پێبهێنرێت, چاکترە هەر لەئێستاوە وروژان لەمەڕ ئەمەوە دروست نەکرێت. چوارەم, رەنگە ئەمەریکا نەیەوێ کەرکوك لەداهاتوودا بکەوێتە چنگی کورد یا ژێر بەڕێوەبەرایەتی کورد, بۆیە هەر لەئێستاوە دەیەوێ رێگا بۆ ئەمە خۆشکات. شەشەم, رەنگە هێشتا ئەمەریکیەکان تەواو ئامادەییان بۆ پرسی کەرکوك نەبێت.

هەنگاوی پۆزەتیڤ سەبارەت بەمەبەست و نیازی ئەمەریکاییەکان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شاری کەرکوك و دیاریکردنی پارێزگارەکەی لە ناوەڕاست و کۆتایی مانگی مایيدا بوو, ئەم هەنگاوەی ئەمەریکا بەبەرژەوەندی کورد تەواو بوو, دیارە ئەمە وادەکا هەراسانیەکان سەبارەت بەکەرکوك کەمتربینەوە.          .

---

[1] پۆل وۆلفۆڤیچ لەلایەن گەلێ لەشارەزایان بەئەندازیاری پۆلیتیکی دەرەوەی ئەمەریکا لەدوای 11ی سێپتێمبەر دادەندرێت.

دیاره لایەنەکانی راگەیاندنی ئەمەریکاو بەریتانیا بۆنموونە سی ئێن ئێن و فۆکس نیوز هەروەها بیبیسی, بەشێوەیێ لەشێوەکان و هەندێجار بەراشکاوی دان بەکوردستانیەتی کەرکوك دەنێن, ئەمە لەگەڵ لەسەرچاوە زانستیەکانیشدا هەروایە. ئەوەی پێویستە سەرنجی بدرێت ئەوەیە, بەرێوەبەرایەتی بۆش خۆیان لەقەرەی ناسنامەی رەگەزیی شاری کەرکوك بەراشکاوی نەداوە. بەڵام واپێناچێ ئەوان دژی ئەوەبن کەوا خەڵکی کەرکوك خۆیان بەرێوەبەرایەتی خۆیان بکەن. ئەوان دژی چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکوك نەبوون. بەگوێرەی ووتەکانی گارنەر سەبارەت بەچارەسەری کێشەی پاکسازی رەگەزی, ئەوان دژی گەرانەوەی ئاوارەکانی شاری کەرکوك نین, ئەوان دژی گەراندنەوەی عەرەبە لەکەرکوك نیشتەجێکراوەکان بۆ شوێنەکانی پێشوویان نین, بەڵام ئەوان دژی بەزۆردەرکردنی عەرەبە هاتووەکانن, واپێدەچێ ئەوان لەگەڵ چارەسەری ئەم کێشەیە لەچوارچێوەیەکی یاسایانە و دیموکراسیانە بن. ئەگەرچی پارێزگاریی مانەوەی عەرەبەهاتووەکان لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە نیگەرانی دروستدەکات, نیگەرانی ئەوەی کەوا مانەوەی ئەم عەرەبانە ببێتە هەمیشەیی. پرسیاری گرنگ ئەوەیە, ئایا کەرکوك لەداهاتوودا لەناو چوارچێوەی بەرێوەبەرایەتیەکەی (فیدرالی یا ئۆتۆنۆمی) کورددا دەبێت یا نا, دیارە ئەوان شتێکیان لەمبارەیەوە نەگوتووەو نازاندرێ بەرێوەبەرایەتیەکەی بۆش تا چ رادەیەك لەگەڵ ئەوەن کەکەرکوك بکەوێتە ژێردەستی کورد لەداهاتوودا. گەر ئەمەریکا بەهەمان چاوی ئینگلیزەکانی بیستەکان (دەسەڵاتی ئینگلیز لەبیستەکاندا سوربوو لەسەر بەستانەوەی کەرکوك بەعێراق و دەرهێنانی لەژێردەستی کوردەکان, لەبەر گرنگی ئابووری و رامیاری کەرکوك بۆ ستاتی دروستکراوی عێراق. دیارە هۆیتریش هەبوون) سەیری گرنگی کەرکوك بۆ عێراق بکات, ئەوا ئەگەری کێشە لەسەر کوردستانی مانەوەی کەرکوك بەرادەیەکی زۆر دروستدەبێ. گەر ئەمەریکاییەکان ئاسایش و سەقامگیربوونی ئاشتی و رێکراگریان لەکوردستان و عێراقدا لاگرنگبێ, ئەوا واپێناچێ ئەوان بەهەمان چاوی ئینگلیزەکانی بیستەکان سەیری کەرکوك بکەن. ئاشکرایە هەندێ لەو هۆکارە گرنگانەی کەوایانکرد ئەمەریکا بریاربدا خۆی کۆنترۆڵی کەرکوك و موسڵ بگرێتەدەست, یەکەم لەبەر فشاری تورکیا سەبارەت بەم دووشارەوە بوو. دووەم هۆکاری گرنگ ململانێی ئێتنی ناو ئەم دوو شارە بوو. هۆکارێکی گرنگیتر گرنگی نەوتی کەرکوك بوو, دیارە قەوارەی نەوتی کەرکوك لەسەرجەمی نەوتی بەرهەمهێنراوی رۆژهەڵاتی ناوەراست سەرچاوەیەکی گرنگی ووزەی جیهانی پێکدەهێنن. بۆیە شێوان و وەستانی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك کاریگەری خۆیدەبێت, یەکەم زیانێکی زۆری بەداهاتی عێراق دەگەیاند کەئەمەریکا بۆ دروستکرنەوەی عێراق گەرەکیەتی. دووەم, بەرزونزمبوونەوەی نرخی نەوت و کێشە بۆ رۆژئاوا دروستکردن. گەر بزانین کورد بەگشتی دژی ئەوەنین ئەمەریکا سوود لەم سەرچاوەیە وەرگرێ, ئایا ئەمەریکا دژی ئەوە دەبێ کەرکوك لەداهاتوودا, دوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی نوێی عێراق, بکەوێتە دەست کورد؟ ئایا ئەمەریکا دەیەوێ یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی دیموکراسیانە بۆنموونە بەپەنابردنەبەر پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی عێراق, چارەسەربکات!؟ ئایا ئەمەریکا لەگەڵ ئەوە نییە کەوا خەڵکی ناوچەکە "خۆیان" بریاری چارەنووسیان بدەن نەك خەڵکێکی تری عێراقی کەدانیشتووی ناوچەکە نین؟ هێمای پۆزەتیف سەبارەت بەکوردستان و دەسەڵاتی کوردان جارجارە هەن,

بۆنموونە, جۆن ساوەرسی بەرپرسی سیڤیلی ئینگلیز لەووتەیەکیدا هێمای بۆ فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان لەکونستیتوسیۆنی (دەستووری) داهاتووی عێراقدا کرد. بەڵام ووردەکاری لەمبارەیەوە رووننەکراوەتەوە, بۆیە نازانین کەرکوك لەکێندەری ئەم پلانەی فراوانکردنەیە. دیارە ئەمەریکا بەڕاشکاوی باس لەدروستکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراسیانە لەعێراقدا دەکات, بەمجۆرە کێشە ناوخۆییەکانی عێراق دەبێ لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراسیانە چارەسەر بکرێن. گەر چارەنووسی کەرکوك بۆ پەرلەمانی عێراقی بەجێبهێڵدرێت, ئەوا ئەگەری کوردستانی مانەوەی کەرکوك (مەبەست بوونی کەرکوك لەناو چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی داهاتووی کورد), زۆر کەمە. چونکە پەرلەمانتارانی کورد لەم پەرلەمانەدا کەمینە دەبن, لەیەك لەسەر چواری زیاتری دەنگەکان پێکناهێنن. لەمبارەدا کوردەکان پێویستیان بەدەنگی کەمینەکانیترو عەرەبەکان دەبێت, ئەواکاتە چۆنیەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئەوانە سەبارەت بەکێشەکە ئەگەری ئەنجامی پۆزەتیف یا نێگەتیف دیاردەکات. ئاسان نییە, چاوەڕوانی ئەوە لەعەرەبەکان بکرێت کەوا دان بەکوردستانیەتی کەرکوك بنێن و پشتگیری کورد بکەن. ئەو پەرلەمانتارە عەرەبانە بەئەگەری زۆر بەشێ لەوانەی کەبەتەواوی لەژێر کاریگەری پۆلیتیکی رەگەزپەرستانەی رابردوو دان دەگرنەخۆیان. گەلێ لەعەرەبەکانی سەربە ئۆپۆزیشیۆنی عێراقی کەهیچ بنکەیەکیان لەعێراقدا نەبوو, ئامادەنەبوون دان بەکوردستانیەتی کەرکوك بنێن, ئەوجا ئەگەر ئەوانە دەسەڵاتیان هەبێ چۆن ئامادەن دان بەکوردستانیەتی کەرکوك بنێن. هەندێ لەبەرپرسانی کورد بەر لەرووخانی بەعس دەیانگوت, "برا عەرەبە شیعەکان بەڵێنیان داوینەتێ کە لەپەرلەمانی عێراقی دوای سەدام, پشتگیری کورد دەکەن و کەرکوك دەکەوێتە سەر کوردستان". ئەم بەڵێنەی ئەم عەرەبە شیعانە (کەئێمە نازانین کێن و چۆن؟) لەلایەك مەرج نییە تاسەربێ و دەکرێ هەربەتەواوی دژی بووەستنەوە, لەلایەکیتر شیعەکان سەربە چەندین گرووپی جیاجیان و پێناچێ لەسەر ئەم بابەتە یەك بیروڕایان هەبێت. دیارە بەبۆچوونی من جێهێشتنی چارەنووسی کەرکوك بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراقی, یەکەم, نارەوایەو ناکۆکە لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی. دووەم, هەڵەیەکی مێژوویی دەبێو بەئەگەری زۆر ئەنجامەکەی زیانێکی گەورەی مێژوویی دەبێ. کەرکوك وەك هەولێرو سلێمانی شارێکی کوردستانەو بەپێی گەلێ بەڵگەو ئاماری مێژوویی گومان لەو راستیەدا نییە, بۆیە چارەنووسی کەرکوك نابێ بخرێتە بەردەم پەرلەمانی عێراقیو خەڵکیتر. گەر ئەمەریکا پەنابباتەبەر دەندگانی خەڵکی ناوچەکە بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ناوچەکە, ئەوکاتە خەڵکی ناوچەکە مافی ئەوەیان دەبێ کەوا ئایا دەیانەوێ لەناو سنووری هەرێمی کوردستان بمێننەوە یا نا؟ دیارە پەنابردنەبەر ئەم رێگایە تەواو لەگەڵ پرینسیبە دیموکراسیەکان گونجاوەو چارەسەری کێشەکە بۆ خەڵکی ناوچەکە جێدەهێڵدرێت نەك بۆ خەڵکیتری دوور لەناوچەکەو دەسەڵاتیتر. بەشێوەیەکی دیکە کەرکوك شارێکی کوردستانە, بۆیە پێوست بەهیچ جۆرە دەنگانێك بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم راستیە ناکات, بەڵام لەخراپترین بارداو گەرهاتوو کێشەکە دەنگدانی سەپاند, ئەوا تەنها خەڵکی ناوچەکە بۆیان هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن نەك خەڵکیتری دانیشتووی شوێنەکانیتری عێراق. دیارە هەر دەنگدانێك بکرێت, دەبێ دوای ریشەکێشکردنی شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن هەروەها ئامارێکردنێکی واتە سەرژمێریەکی بنچینەیی

دانیشتوانی ناوچەکە بێت. هەروەها پێویستە خەڵکی ناوچەکە لەمبارەیەوە زانیاری و روونکردنەوەی تەواویان بدرێتێو بەتەواوی لەکوردستانیەتی ئەم ناوچانە هوشیاربکرێنەوە. دیارە کێشەی دیاریکردنی سنوور یا خاوەنداریەتیو ناسنامەی ناوچەیەکی دیاریکراو, نموونەیان زۆرەو لەرابردوو و ئێستادا دەکەونەبەرچاو. لەم کێشانەی دیموکراسیانە چارەسەرکراون, بۆنموونە, دیاریکردنی سنووری نێوان وڵاتانی دانیمارك و ئەڵمانیا دوای جەنگی جیهانی یەکەم بۆ خەڵکی ناوچەکە جێهێڵدرا, ئەوەبوو ریفەراندۆمێك لەناو دانیشتوانی ناوچەکەدا سەبارەت بەم کێشەیەوە کراو خەڵکەکە خۆیان بڕیاری ئەوەیاندا کەئایا دەیانەوێ لەگەڵ دانیمارك یا ئەڵمانیا بن. واتە نەپەرلەمانی دانیمارکی نەئەڵمانی نەهاتن لەجیاتی خەڵکەکە بڕیاری چارەنووسی ناوچەکە بدەن.